# تێنەگەیشتن وچەمکی مانەوە

سـۆران مامە حەمە
کەرکوك

زۆربەی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانەی ویستویانە درێژە بەمانەوە و بەردەوام بوون بدەن لەڕووی دەسەڵاتەوە و بۆ بەڕێوە بردنی دەوڵەت ، هێز تاکە ئامرازێکە دوای وتارە بێتامەکان و دوای ریکلامەکانی مانەوە بەبێ پەردەو بەبیانووی جۆراو جۆرەوە بۆتە فاکتەری توندو تیژی بۆ داپڵۆسین و دەم کوتکردنی هاو وڵاتیانی خۆیان و نەی ویستووە تێگەیشتن دروست ببێت، دەروونناسی ئەوەی بۆ سەلماندوین کە پێداویستی بریتییە لەو شتەی کەنیمانە ودەمانەوێت هەمان بێت ، "گەل"یش بۆ دابینکردنی گوزەرانێکی تەندروست و ژیانێکی ئاسودە و ئارام داواکانی یان پێداویستییەکانی پێشکەشی دەسەلات ودەوڵەت دەکات ،وەك تاکە مەرجەع وتاکە لایەنی پەیوەندیدار بەمەسەلەکانی ژیانیەوە ،جا بەهەر شێوەیەك بێت ئەوە سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە ئەوە دیاری دەکات ، پێشم وانییە ئەگەر هەر سیستمێك نەیتوانی ببێتە هەوێنی داواکانی میللەت و دەسەلات دەتوانێ گەر هیچیشی پێنەکرا ئەوا گوێ بۆ میللەت رادێرێت. و لەسەر چەمکی تێگەیشتن و گفتوگۆ کێشەکان چارە بکرێن .

بەلاّم گرفتەکە لێرەوە دەس پێدەکات کە دەسەلاّتێك بە دەمامکی "دیمۆکراسی وئازادی ڕا دەربڕین ومافی مرۆڤەوە "، میللەتێك چاوبەست بکات ، و لەسەر ئەرزی واقیعیش ئەوەی مافی مرۆڤ وئازادی تاك و دەستەجەمعییە بە ڕووکەش هەبێت ، و نەیەوێت لە میللەت تێبگات و میللەت تێ بگەیەنێت ،ئەلێرەوە میللەت بڕوای بەدەسەلاّت نامێنێ وهەوڵی بەدیلێك دەدات لەبری .

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە بەومانەیەی مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە لەگەڵ زەبر وزەنگ وتوندو تیژیدا و ویستێکی خۆرسکی تیایە بۆ بەرەنگاربونەوەی نا عەدالەتی و ناحەقی "ئەوکاتەی جام پڕ بوو ، لێی دەرژێت"، دەبینین لەم چەند رۆژەی دوایدا گرژی وئاڵۆزییەکی زۆر و بەردەوام ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە ، من پێم وانییە مەسەلەکە هەر "نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی گاز وبەنزین و ئاو و کارەبا بێت "، بەڵکو ئەوە میللەتە داوای گۆرینی سیستمی دەسەلاّت دەکات لە وولاّتدا و دەیەوێت وەرچەرخانێك رووبدات و ئەتەکێتێك بەکۆمەڵگە بدات ، چونکە هەر ئاڵۆزی و ڕەوشێکی نالەبار کۆمەڵێ گۆرانکاری بەدیدێنێ .. ، لێرەدا پێویستە دەسەلاّتدارانی کورد زۆر قەڵس نەبن لەو خۆپیشاندانانەی لەم دواییەدا ناوچەکەی گرتۆتەوە هەرچەندە لە زۆربەی شوێنەکان بەتوندو تیژی وکارەسات کۆتایی هات ، بەڵکو دەبێت ئەوە بزانن کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا دەسەلاّت هەرهیچی نەکردبێت توانیویەتی ئەوە بەخەڵك بڵێ کە خۆپیشاندان بکەن ، خۆ ئەگەر دەسەلاّت نەیتوانیبێ دیمۆکراسی پراکتیزە بکات لە هەرێمەکەدا ئەوا توانیویەتی لە خەڵکی بگەیەنێ دیموکراسی چییە ؟ و ڕەهەندەکانی دیموکراسی چین ؟ و ئەو فاکتەرانە چین کە کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسیمان بۆ بەرهەم دەهێنێ ..

ئەوە دەسەلاّتە لەماناى ئازادی ومافی تاك و دیمۆکراسی لادەدات نەك هاوولاّتی ..، ئەوە دەسەلاّتە دەست پێشخەری دەکات لەتوندو تیژیدا ، نەك گەنجە سەرکێشەکان..

ئایا دەکرێت بڵێین میللەتێك ئاژاوەگێرە و دەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە ؟! ,و بەتەنها پیاوانی دەوڵەت کەسی چاکن وکەسانی هۆشیار و رۆشنبیرن ؟ ، ئەی پیاوەکانی دەوڵەتیش زادەی ئەو کۆمەڵگەیەنین ؟ ، بەڵێ ئێمە راستییەکانمان لا تاڵ وناخۆشە گەر بڵێین هەموو دەسەلاّتێك بگاتە ئاستێك لاواز بێت بەرامبەر بەهاولاّتیان و لەبەرژەوەندی چینێکی دیاریکرا و کاربکات ئەوە ناتوانین پێی بڵێین دەسەلاّتی گەل و مافی مرۆڤ و عەدالەت وهەڵگری ماناکانی دیمۆکراسی..